# پەیـــامنێر

شیعری : حەمەشوان شەریف
2005 1207
سوید-کونگێلف
Hamashwan1@hotmail.com

شیعرێک هات بۆلام و
پێی وتم :
تکایە بەو کچە بڵێ :

ئەوە ندە سەرسنگی ڕووت نەکاتەوە ! ،

با لەناو ئەو جووتە مانگۆیانەیدا
دێڕێک شیعر
بە لقەکانی مەمکیەوە

هەڵنەواسم ! ،

ترسنۆک مەبە کوڕی .!
پێی بڵێ :
ئەوەندە با ئەو مەمکانەی
لە یەکتری نزیک نەکاتەوە
خوانەکردە نەبا
* تەنگەنەفەس ببم و لەو دێڕەدا
وشەی گۆکەی مەمکیم بمرێ . .!
وازمەهێنەو پێی بڵێ :
کاتێ کەبۆ خەوتن
ڕووتیان ئەکاتەوە
با ئاگای لێمبێت
نەبا لە چڵەکانی دار مەمکیەوە
بخزێم و
شووشەی شیعرم بشکێ ! .
لە بەر ناز و دڵی شیعر
شیعر

چی پێوتم  بەکچەم وت  .
کچە
 بەخەندەو عەیارانەوە
تێپڕوانم و  پێیووتین
نەم زانیوە تۆ و شیعر
تا  ئەو ڕادەیە سووتاون و
پڕن لە بەرچینەیەک   بێتەربێتی    .

*  – پەنگەمیش م   بەکارهێنابوو لەباتی تەنگەنەفەس ،بەڵام وشەکە زبردەهاتە بەرگوێ و بەرچاو .